# دیاردە مودێرنەکان و پێگەی ڕەخنە لە گوتاری «حاجی قادری کۆیی»دا


د. ئیسماعیل مەحموودی (*)

(مەریوان)


**پێشەکی:**

حاجی قادری کۆیی (١٨١٧- ١٨٩٧) لەدایکبووی گوندی گۆڕقەرەجی سەر بە شاری کۆیەیە. (محەمەد، ١٩٧٣: ٢٨)، بەگوێرەی باوی ئەو سەردەمە هەر لە منداڵییەوە ڕوو لە حوجرە دەکات و لە سالانی (١٨٥٣- ١٨٥٤)دا دەچێتە ناوچەی باڵەکایەتی و پاش ماوەیەک دەچێتە شارەکانی شنۆ و سەردەشت و سابڵاغ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لەوانەیە تا ساڵی (١٨٦٢- ١٨٦٣) لەوێ مابێتەوە. پاش فێربوونی زانستی ئایینی بۆ کۆیە دەگەڕێتەوە و لەوانەشە بەهۆی دروستبوونی هەندێک کێشە لەلایەن خزمانییەوە زۆر لە کۆیە نەمابێتەوە، بۆیە لە شیعرێکدا پاش یادکردنەوەی لە کۆیە و باسکردن لە غوربەت باس لە هەڵاتنی بۆ ئیستەنبوڵ دەکات:

**هەموو خزمی خۆمن دەزانم دەڵێن**

**لە بێحورمەتیمان بوو حاجی هەڵات**

(حاجی قادر کۆیی، ١٣٩٠ : ٢٢)

حاجی لە ئیستەنبوڵ وەک مامۆستای تایبەتیی منداڵانی بەدرخان بەگ دامەزرا، (-Van Bruines sen, Martin, 2003:47) لەو شارە بەگوێرەی شیعرەکانی وا دیارە تووشی گۆڕان بووە و هەر لەوێ تا ساڵی (١٨٩٧) مایەوە، کە کۆچی کرد و لە گۆڕستانی قەرەج ئەحمەد نێژراوە. (کەرەمی. سەعید، ١٣٩٠ :١٩ -٢٧).

پێدەچێت حاجی پاش ساڵانی (١٨٦٢- ١٨٦٣)، واتە سەرەتای شەستەکانی سەدەی (١٨) ڕووی لە ئیستەنبوڵ کردبێت و تا کاتی مەرگی، واتە ساڵی (١٨٩٧) لەوێ مابێتەوە. ئەو ساڵانەی حاجی چووە بۆ ئیستەنبوڵ، لە مێژووی وڵاتی عوسمانی و قەوم و نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان ساڵانێکی زۆر چارەنووسساز دەبێت، چونکە سەردەمێک بوو ئیستەنبوڵ ڕووبەڕووی ڕۆژئاوا و فەرهەنگی نوێی ڕۆژئاوا، یان مۆدێرنیتە ببووەوە و بە ناچاری بە شێوازە فەرهەنگی (ڕۆژئاوایی) یەکەی ڕووی لە چاکسازی کردبوو.

## حاجی قادر و دەرکەوتنی وەک یەکەم ڕۆشنبیری کورد لە ئیستەنبوڵ

زیاتر لە یەک سەدە، واتە نزیکەی سەدوچل

سالێک بەر لە چوونی حاجی، ڕەوتی تازەگەری و گۆڕانکاری لە ئیستەنبوڵ دەستی پێ کردبوو، ئەگەرچی بە بۆنەی بەهێزبوونی دەسەڵاتی بەرەی دژەچاکسازی، واتە بەرەی بناژۆخواز و نەریتییەوە، گۆڕانکاری دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیەکی گشتگیری نەبوو، بەڵام ویستی چاکسازی و گۆڕانکاری، ئیتر وەک گوتارێکی زاڵی وڵاتی عوسمانی خۆی سەپاندبوو و دەرفەتی خۆدەربازکردن و خۆلادان لەم گوتارە بۆ دانیشتوانی تێگەیشتووی ئەم شارە و لەوانەش حاجی قادری کۆیی نەمابووەوە.

ئامادەبوونی حاجی لە ئیستەنبوڵ هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەم بەرەی مونەوەرولفیکرانی عوسمانی لە ئیستەنبوڵ لە ساڵی (١٨٦٥) و سەرهەڵدانی مونەوەرولفیکرانی کەمینەکانی ناو ئیمپراتۆرییەکە لەژێر کاریگەریی ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواییدا. سەرهەڵدانی گوتاری سەربەخۆییخوازی لەلایەن مونەوەرانی نەتەوەکانی وەک یۆنانی و بولگاری و سەرهەڵدانی گوتاری شوناسخوازیی عوسمانییە نوێیەکان و تورکە گەنجەکان و دەرکەوتنی دیاردە نوێیەکان وەک ڕۆژنامە و چاپخانە و بیناسازی بە شێوازی ڕۆژئاوایی لەسەر شەقامەکانی ئیستەنبوڵ، پیشاندەری ئەم ڕاستییە بوون، خۆشاردنەوە لە چاکسازی و تازەگەری بە شێوازی فەرهەنگی ئیتر مەحاڵە، ئەویش بۆ کەسێکی وەک حاجی قادر کە بە وتەی مەسعوود محەمەد «پێشەوای خۆبەختکردن و سۆز و سووتان بۆ کوردستان بوو» (١). هەر ئەم کاریگەرییە بووە هۆی ئەوەی کە بە وتەی ئیحسان فوئاد «ببێتە دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕۆشنکردنەوە». (مەسعوود محەمەد، ١٩٧٣: ٣٢٢)

ئامادەبوونی حاجی لە ئیستەنبوڵ، لە سەردەمێکدا بوو کە بێجگە لەوەی نزیکەی (١٤٠) ساڵ لە



**حاجی قادری کۆیی**

مێژووی چاکسازی و تازەگەری لەو شارەدا تێپەر دەبوو، نزیکەی (٢٣) ساڵیش لە دەستپێکردنی سەردەمی تەنزیمات، واتە سەرهەڵدانی یەکەم گوتاری شوناسخوازانەی عوسمانیگەرایی سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٣٩- ١٨٦٩) و گوتاری ئیسلامخوازیی سوڵتان عەبدولمەجیدی دووەمیش (١٨٦٧- ١٩٠٩) تێپەڕی بوو.

دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانی ئەو کاتەی عوسمانی کە بەهۆی شەپۆلی مۆدێرنیتە و ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی ژێر دەستیانەوە هەستیان بە مەترسیی پارچەپارچەبوونی خاکی ئیمپراتۆرییەکەیان کردبوو دوو گوتاری عوسمانیگەرایی و ئیسلامخوازییان بەرز کردبووەوە. لەم بارەیەوە ڕەنگە هەق بە سوڵتان بوویێت کە بەوپەڕی ئازارەوە دەیگوت: «بەختی خراپی ئێمە لەوەدایە ئیمپراتۆرییەکەمان یەکدەست نییە». (انتخابی، نادر، ١٣٩٠ :٦٧)

سوڵتان بە باشی ئاگاداری سەرهەڵدانی پرسی ناسیۆنالیزم لەناو نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەکەی بوو، کە چۆن لە ساڵانی (١٨٧٥- ١٨٧٨) چەندان نەتەوەی ژێر دەسەڵاتی

وەک ڕۆمانیـا، سـربیا، مونتینگـرۆ و بـە واتایـەک مەسـیحییەکان سـەربەخۆییان بـە دەسـت هێنـا و گوتـاری عوسـمانیگەرایی شکسـتی هێنـا.

دوای شکسـتهێنانی گوتـاری عوسـمانیگەرایی، گوتـاری ئیسـلامیگەرایی بـەرز کرایـەوە، کەچـی بـە سـەرهەڵدانی ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی، ئیتـر ئـەم گوتـارەش وەڵامـدەرەوەی پاراسـتنی یەکپارچەیـی خاکـی عوسـمانی نەبـوو و بۆ پاراسـتنی نەتەوەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی عوسـمانی و پێوەندیـی لەگـەڵ تورکەکانـی ناوچـەی «قەوقـاز» و قەرەبووکردنـەوەی لەدەسـتدانی خاکـی ئیمپراتۆرییەکەیـان، گوتـاری ڕەگەزپەرسـتانەی تۆرانچێتـی و تورکچێتـی لەسـەر دەسـتی مونەوەرولفیکرانـی دەرەوەی بازنـەی دەسـەڵات بـەرز کرایـەوە. بـۆ نموونـە نەجیـم عاسـی لـە سـاڵی (١٨٧٨) بـە ڕاشـکاوانە نووسـی: «ئێمـە لـە ڕەگـەزی تۆرانیـن و زمانەکەشـمان تۆرانییـە و پێویسـتە بگەڕێینـەوە سـەر زمانـی تۆرانـی».

هـاوکات ڕۆژنامـەی «ئەقـدەم»، کـە زمانحاڵـی ناسیۆنالیسـتە تورکـەکان بـوو، نووسـی: «ئازایەتـی، بەرخـۆدان و قەبووڵکردنـی شارسـتانیەت لـە تایبەتمەندییەکانـی نەتـەوەی تورکـە، نەتـەوەی تـورک نەجیبتریـن نەتەوەیـە (انتخابـی، هەمـان: ٦٩-٧٩)، کەواتـە ئـەو کاتـەی حاجـی لـە ئیسـتەنبوڵ بـوو، جیـا لـە سـەرهەڵدانی چینـی مونەوەرولفیکـری عوسـمانی و کەمینـەکان، سـێ گوتـاری عوسـمانیگەرایی، ئیسـلامخوازی و تۆرانیچێتـی و نیشـانەکانی تازەگـەری وەک ڕۆژنامـە، ناردنـی خوێنـدکار بـۆ دەرەوەی وڵات، کردنـەوەی خوێندنگـەی نـوێ بە شـێوازی ئەورووپیشـی بینیـوە. حاجـی تێگەیشـتبوو لـەوەی سـەرجەم ئـەو هـەوڵ و تەقەلـلا تازەگەراییانـە لەپێنـاو بەهێزکـردن و پاراسـتنی وڵات و نەتەوەسـازیدایە، بۆیـە بـە ڕەچاوکردنـی بایەخـی گوتـاری شوناسـخوازیی ئـەو سـەردەمە، بـە حەسـرەتەوە کۆتاییهاتنـی دەسـەڵاتە کوردییەکانـی وەک بابـان، بۆتـان و ئەردەڵانـی وەبیـر خـۆی هێنایـەوە:

**لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم کەسێکی هائیم و حەیران**
**بە هەیئەت تێگەیم کوردە بە شێوەی ئەهلی کوردستان**
**کە چوومە خزمەتی پرسیم: برادەر خەڵکی کام جێگای؟**
**لە کام لا هاتووی؟ گریا گوتی: بابان، گوتم بابان؟**
**دڵم داوە، گوتم: باوکە هەموومان بێکەسین لێرە**
**چ قەوماوە گەلێ حەیفە، مەگری هەروەکو باران**
**گوتی: بۆ غوربەت و ڕووتی نییە ئەفغان و هاوارم**
**لە داغی حاکمی خۆمە لە شان و شەکەوتی تورکان**
**گەلێکم بیستووە پەستی و بڵندیی دەوڵەتان ئەمما**
**جیهان نەیدیوە پەستی وا میسالی کوردستان**
(حاجی قادر کۆیی، ١٣٩٠ :١٠٠)

بـە زاڵبوونـی گوتـاری تازەگـەری و شوناسـخوازی و کۆتایـی دەسـەڵاتی میـرە کوردییـەکان و دۆخـی شـپرزە و پـڕ لـە جەهالەتـی کۆمەڵگـەی کـوردی، حاجـی قـادر وەک مونەوەرولفیکرێکـی کـورد، واتـە ڕێبـەری فەرهەنگـی کـورد دەردەکەوێـت و لـە بۆشـایی دەرنەکەوتنـی کەسـانی خوێنـدەوار و شـارەزای وەک «ئسـکۆتی» و «جـەودەت»، کـە بـە ڕەگـەز کـورد بـوون و وڵاتانـی ئەورووپایـان بینیبـوو، دەکەوێتـە ڕەخنەگرتـن و هەوڵـدان بـۆ نەتەوەسـازی و هانـدان بـۆ تازەگـەری، لـە بۆشـایی دەسـەڵاتێکی کـوردی، کولتـووری ڕەخنەگرتـن لـە کۆمەڵگـەی کـوردی دەسـت پـێ دەکات.

بـەم وەسـفە دەکرێـت بڵێیـن؛ دەرکەوتـن وەک ڕێبـەری فەرهەنگـی، دەسـتپێکەری کولتـووری ڕەخنەگرتـن، واتـە هـەوڵ بۆ تازەگەری بە شـێوازی فەرهەنگـی (ڕۆژئاوایـی)، نەتەوەسـازی و هانـدان بـۆ فێربوونـی زانسـت و پیشەسـازیی ڕۆژئاوایـی بـۆ یەکـەم جـار لـە گوتـاری (حاجـی قـادری کۆیـی) دا ڕەنگـی داوەتـەوە، بۆیـە دەکرێـت وەک یەکـەم مونەوەرولفیکـری کـوردی و خـاوەن یەکـەم گوتـاری

تازەگەریی کوردی پێناسە بکرێت، چونکە پێش حاجی کەس بەو شێوازە ڕەخنەی لە کۆمەڵگەی کوردی و نەریتی کوردی نەگرتبوو، کەس ئاوەها ڕەخنەی لە خوێندنی سوننەتی و ڕێبەرانی سوننەتی نەگرتبوو و کەسیش ئاوەها هەستی بە پێویستیی تازەگەری و گۆڕانکاری بۆ کۆمەڵگەی کوردی نەکردبوو، بۆیە دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، کە گوتاری تازەگەری لە کۆمەڵگەی کوردی و سەرهەڵدانی مونەوەری لە حاجی قادرەوە دەست پێ دەکات.

## دیاردە مۆدێرنەکان

ئەورووپا، ڕۆژنامە، زانکۆ، پیشەسازی، وەرگێڕان و چەکی مۆدێرن وەک بەشێک لە چەمک و دیاردە و دەرکەوتەکانی تازەگەریی ڕۆژئاواییین، کە بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی ئەدەبیاتی حاجی قادری کۆییەوە لە گوتاری کوردیدا دەردەکەون و دێنە ناو ئەدەبیاتی سیاسی و فەرهەنگی کوردییەوە.

بێجگە لەوەی بۆ یەکەم جارە ئەم چەمک و دیاردە و دەرکەوتە مۆدێرنانە لە گوتاری حاجیدا دەردەکەون، لەم گوتارەدا بۆ دامەزراندنی یەکەی دەوڵەت- نەتەوە و ژیانەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی، هێنان و بیرکردنەوە لەم دیاردانە وەک ئەولەوییەتێکی بنەڕەتی و پێویست بەرجەستە دەکرێن، بە ڕاشکاوانە کۆمەڵگەی کوردی هان دەدرێت شوێن ئەم دیاردە و چەمکانە بکەون و بەهەندیان وەربگرن و هەوڵیان بۆ بدەن.

### ١) ئەورووپا (فەرەنگ)

ئەورووپا، یان فەرەنگستان لە گوتاری (حاجی قادری کۆیی)دا ئەو جوگرافیایەیە کە شوێنی لەدایکبوون و سەرهەڵدانی هونەری جەنگ، شوێنی فێربوونی بەڕێوەبردنی وڵات، زێدی پیشەسازی و ڕۆژنامە و زانکۆ و زانستی نوێیە، بە واتایەکی دیکە زێد و ئاخێزگەی تازەگەری و مۆدێرنیتەیە کە کۆمەڵگەی کوردیش بۆ مانەوەی خۆی پێویستی پێیەتی و دەبێت ئاگاداری بێت، خاڵی گرنگتر ئەوەیە یەکەم جار لە ڕێگەی حاجی قادرەوە ئەم ناوە بەم پێناسەیەوە دێتە ناو گوتاری کوردەوە.

**بۆ فەننی حەرب و سەنعەت بۆ زەبت و ڕەبتی میللەت**
**دەینێرنە ئەورووپا گەورە و بچووکی خۆیان**
(حاجی قادر کۆیی، ١٣٩٠ :٩٨)

### ٢) ڕۆژنامە

حاجی لە بایەخ و کاریگەریی ڕۆژنامە شارەزا و ئاگادارە، بۆیە دەڵێت:

**سەت قائیمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ**
**ڕۆژنامە و جەریدە کەوتووەتە قیمەت و شان**
(حاجی قادر کۆیی، ١٣٩٠ :٩٨)

واتە حاجی بە ڕاشکاوی باس لەوە دەکات کە ڕۆژنامە لەو قۆناغەدا بۆ کۆمەڵگەی کوردی، لە شیعر وەک باوترین دیاردەی فەرهەنگی و ئەدەبی، پێویستترە و بەرزتر لە شیعر پێناسەی دەکات، ئەمە لە کاتێکدایە لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا بەر لە گوتاری حاجی قادر، دەسەڵاتی شیعر لەوپەڕی زاڵبوونی خۆیدایە و مرۆڤی کورد شیعری وەک تاکە ژانر و مینبەری خۆی سەیر کردووە و بەکاری هێناوە. وەک لە ئەدەبی گۆرانیشدا شێوازی نووسینی دەفتەرە ئایینییەکانیشی هەر بە شیعر بووە و حاجی هەست بەوە دەکات، کە چیتر لەم سەردەمەدا و بەپێی گۆڕانکارییە جیهانییەکان کارکردی شیعر وەک پێشووتر نەماوەتەوە، تەنانەت خۆیشی بە ئاگاداربوونی لەم بابەتە دیسان بە ناچاریی زمانی شیعر بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی بەکار دەهێنێت و باس

لـەوە دەکات لەجیاتـی بیرکردنـەوە لـە قەسـیدە، یـان شـیعر، چیتـر پێویسـتە بیـر لـە ڕۆژنامـە و جەریـدە بکرێتـەوە، کـە کاریگـەری و بایەخـی زۆرتـری هەیـە.

### ٣) زانکۆ

حاجـی ئامـاژە بـە ناردنـی خوێنـدکار لـە لایـەن وڵاتانی سـەربەخۆ و خاوەن دەسـەڵاتەوە بۆ دەرەوەی وڵات دەکات، دەیەوێـت لـەم ڕێگەیـەوە بایەخـی زانکـۆ و خوێنـدن لـە زانکۆکانـی ئەوروپـا بـۆ کـورد و خوێنـدکاری کـورد بەرجەسـتە و ڕوون بکاتـەوە، بۆیـە بـە گوتنـی ئـەم شـیعرە و سـەرەڕای ئاماژەدانـی بـە وڵاتانـی دیکـە، خوازیـاری بیرکردنـەوە، تەنانـەت بەعەمەلیکردنـی پرسـی ڕۆیشـتنی خوێنـدکاری کوردە بـۆ زانکۆکانـی ئەوروپـا، بـۆ ئـەوەی فێـری سـەنعەت و هونـەری بەڕێوەبردنـی وڵات بـن.

**بۆ فەننی حەرب و سەنعەت بۆ زەبت و ڕەبتی میللەت**
**دەینێرنە ئەورووپا گەورە و بچووکی خۆیان**
(حاجی قادر کۆیی، ١٣٩٠ :٩٨)

ڕاسـتە لێـرەدا بـە ڕاشـکاوی بـاس لـە وشـەی زانکـۆ نـاکات، بـەڵام ڕوون و ئاشـکرایە مەبەسـتی زانکۆیە، لـەو سـەردەمەدا، واتـە لـە ڕۆژگاری حاجیدا بەشـێکی بەرچـاو لـە خوێندکارانـی تـورک لەلایـەن دەسـەڵاتەوە بـۆ خوێنـدن و فێربوونـی سـەنعەتی نـوێ، ڕەوانـەی ئەورووپـا کرابـوون. حاجـی بەپێـی شیعرەکانی ئـاگاداری زانکۆکانـی ئەورووپـا و بایەخـی زانسـتیی ئـەو زانکۆیانـە بـووە. خاڵـی جێگـەی سـەرنج لـەم شـیعرەدا ئەوەیە کـە زانکۆکانـی ئەورووپا لـە ڕوانگـەی حاجـی قـادرەوە جێگـەی فێربوونـی سـەنعەت و فێربوونـی شـێوازی بەڕێوەبردنـی وڵاتـە و ئـەم خاڵـە، واتـە ئاماژەکردن بـە شـێوازی فێربوونـی هونـەر و زانسـتی «بەڕێوەبردنی وڵات» لـە ڕێگـەی خوێندنـەوە لـە زانکۆکانـی ئەورووپـا، پیشـاندەری ڕادەی شـارەزایی حاجـی قـادرە لـە بایەخـی زانسـتی مۆدێـرن، خاڵـی دیکـە ئەوەیـە دەتوانێـت ئەم شـیعرە بـە چەشـنێک هانـدەری ئـەوە بێـت، کـە ڕۆیشـتن بـۆ ئەورووپـا بـۆ فێربوونی زانسـت و بەڕێوەبردنـی وڵات، پێویسـتی بـە دەوڵـەت هەیـە و بـە واتایەکـی دیکـە بەردەنگـی خـۆی تێدەگەیەنێـت ئـەوە کاری دەوڵەتە، بۆیـە کـورد بـۆ ئـەوەی بتوانێـت خوێنـدکاری خـۆی بـۆ فێربوونـی سـەنعەت و فێربوونـی بەڕێوەبردنـی وڵات بنێرتـە ئەورووپـا، دەبێـت خاوەنـی دەوڵەتـی خـۆی بێـت، بـە واتایەکـی دیکـە دەبێـت بـۆ ئـەم کارە گرنگـە، کـورد بیـر لـە دامەزراندنـی دەوڵـەت-نەتـەوە بکاتـەوە.

### ٤) پیشەسازی

بـۆ ئـەوەی حاجـی بایەخـی پیشەسـازیی مۆدێرن بـۆ کـورد ڕوون بکاتـەوە، باسـی لـە سـەرکەوتنی «ژاپـۆن»ی کـەم جەمـاوەر و کـەم خـاک بەسـەر وڵاتێکـی گـەورەی وەک «چین»ـدا کـردووە و پێـی وایـە لـەم سـەردەمەدا ئیتـر ئـەوە پیشەسـازیی نـوێ و زانسـتییە بـۆ سـەرکەوتن و پێشـکەوتنی وڵاتـەکان، قسـەی یەکـەم دەکات.

**ئەهلی ژاپۆن بە فەن و سەنعەتی چاک**
**سەیری چۆن چینی گرت و کردییە خاک**
(حاجی قادر کۆیی، ١٣٩٠ :١٩٢)

دیـارە دەکرێـت بڵێیـن بـۆ یەکـەم جـارە کـە بایەخـی پیشەسـازیی مۆدێـرن و سەرچەشـنبوونی ژاپـۆن وەک وڵاتـی خـاوەن پیشەسـازی لـە ڕێگـەی (حاجی)یـەوە دێتـە نـاو ئەدەبیاتـی سیاسـی و فەرهەنگییـەوە، بـە واتایەکـی دیکـە دێتـە نـاو گوتـاری کوردییـەوە.

### ٥) وەرگێڕان

حاجـی بێجگـە لـە ئاماژەکـردن بـە دیـاردەی

ڕۆژنامە و پرسی ناردنی خوێندکاران بۆ دەرەوەی وڵات و بایەخی فێربوونی پیشەسازی، باس لە بایەخی وەرگێڕان لە زمانە بیانییەکانەوە دەکات و کورد بۆ وەرگێڕان لە زمانە ڕۆژئاواییەکانەوە هان دەدات، دەردمەندە لەوەی کورد لەم شتە گرنگ و پڕبایەخە بێبەشە، بۆ ئەوەی گرنگی ئەم دیاردەیە بەرجەستە بکاتەوە دەڵێت؛ تەنیا کوردە کە بیری لە وەرگێڕانی کتێبە بیانییەکان نەکردووەتەوە و ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە بایەخ و بەهای نووسین و خوێندن نەزانێت.

لە ڕوانگەی (حاجی)یەوە وەرگێڕانی کتێبە بیانییەکان ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کورد و کۆمەڵگەی کوردی فێری ڕێزلێنان لە کتێب و بایەخداربوونی نووسین و خوێندن دەکات.

**هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت**
**بێبەهرە لە خوێندن و کیتابەت**
**بێگانە بە تەرجومەی زوبانی**
**ئەسراری کتێبی خەڵقی زانی**
(حاجی قادر کۆیی، ١٣٩٠: ٢٥٧ – ٢٥٩)

حاجی جیا لەوەی نیگەران و تووڕەیە کە کورد خاوەن کتێبی زانستی و سەردەمیانە نییە، پیاوانی ئایینی ئەو سەردەمەی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە ڕێگری سەرەکین لە بەردەم بەرهەمهێنان و وەرگێڕانی کتێبی زانستی، بە ڕاشکاوانە دەیانخاتە بەر لۆمە و ڕەخنەی تایبەتی خۆی و لەم بارەوە دەڵێت:

**یەکسەر عولەما درشت و وردی**
**ناخوێنێتەوە دوو حەرفی کوردی**
**ساحێب کوتوب و پەیامە هەرکەس**
**ئێمە نەبێت بووینە قەومی چەرکەس**
**میللەتی بێ کتێب و بێ نووسین**
**غەیری کوردان نییە لە ڕووی زەمین**
(حاجی قادر کۆیی، ١٣٩٠ :٥٩–٢٥٧)

هەروەها حاجی ڕەخنە لە زانستی باوی ناو کۆمەڵگەی کوردان دەگرێت، کە کەمترین دەستکەوتی لە بواری پیشەسازی و هونەردا نییە و تەنیا بەرهەمیان خیانەتکردن بە نیشتمان بووە، لێرەوە هەوڵ بۆ زانستی ڕۆژئاوایی و ئەورووپایی دەدات، کە بەرهەمەکەی پیشەسازییە، نەک خیانەتکردن بە نیشتمان و نەتەوە.

**سنعەتێک فێرنەبوون لە پاش تەحسیل**
**سەیری چۆن بۆ مەناهی بوونە دەلیل**
**یەکبەیەک بوونە خائینی دەوڵەت**
**خائینی موڵک و دوشمنی میللەت**
(حاجی قادر کۆیی، ١٣٩٠: ٢٣١–٢٣٤)

**٦) چەکی مۆدێرن**

ئەو سەردەمەی وا حاجی نیشتەجێی ئیستەنبوڵ بوو، شایەتحاڵی هەرەسهێنانی دەسەڵاتی عوسمانی بوو لەسەر دەستی ڕۆژئاوا، هەروەها ئاگاداری ئەوە بوو کە یەکێک لە هۆکارەکانی بەهێزبوونی ئەورووپا و لاوازبوونی عوسمانی پرسی چەکی مۆدێرن بوو، بێجگە لەم ڕاستییەش حاجی بە باشی دەیزانی تورک بەو ئاسانییە واز لە کورد ناهێنێت، تەنانەت کورد بۆ دامەزراندنی یەکەی دەوڵەت– نەتەوە پێویستی بە چەکی مۆدێرن هەیە، بۆیە بەردەوام لەپاڵ پیشەسازی و زانست و ڕۆژنامەدا، لە بایەخی چەکی مۆدێرن دەدوێت و پێی وایە دەسەڵات بەبێ بوونی چەک مسۆگەر نابێت و چەندان جار کورد بۆ بە دەستهێنانی چەک هان دەدات.

**سەلاحی ئێوە ئێستا کە سیلاحە**
**تەماعی گەورەیی بێ چەک نەکەن نەک**
(کەرەمی، ١٩٢٥ : ١١)

هەر لەم چوارچێوەیەدا، واتا زەروورەتی بوونی چەک لەپاڵ کتێب و نووسین بۆ دامەزرانی

دەوڵـەت- نەتـەوە دەنووسـێت.

**بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە**

**ئەمن خامەم هەیە و شیر نادیارە**

(موکریانی، گیو، ١٩٦٣ : ١٣٠)

پێویستیی چـەک بـۆ کـورد لـە گوتـاری حاجـی قـادردا ئەوەنـدە گرنـگ و بایەخـدارە، کـە بـە ڕاشـکاوانە کۆمەڵگـەی کـوردی بـۆ دابینکردنـی چەک، بـە تایبەتـی چەکی مۆدێـرن، هـان دەدات. هـەر بـەم بۆنەیـەوە کەریم شـارەزا، شـیعری حاجی وەک سـەرەتای سـەرهەڵدانی شـیعری سیاسـیی کـوردی پێناسـە دەکات. (شـارەزا، کەریـم، ١٩٦١ :٣١)

**جۆشێک بدەن وەکوو هەنگ**

**تەگبیر بکەن بە بێدەنگ**

**ئەسبابی شەڕ پەیاکەن**

**تۆپ و تفەنگ و هاوەن**

(حاجی قادر کۆیی، ١٣٩٠ :٣٢)

**٢) ڕەخنەی تازەگەرانە لە کۆمەڵگەی کوردی**

مێـژووی ڕەخنەگرتـن لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا بـۆ میـر شـەرەفخانی بەدلیسـی و پێشـەکیی شـەرەفنامەکەی دەگەڕێتـەوە، بـەڵام ڕەخنـەی تازەگەرانـە، واتـە ئـەو ڕەخنەیەی کە بەرهەمی بیری مۆدێرن و پەیوەستە بە تازەگەرییـەوە، بۆ یەکـەم جار لـە گوتـاری حاجی قـادردا ڕەنگدانـەوەی بووە و بۆ یەکـەم جار حاجی ڕەخنـە لـە گوتاری پێشـووی کـوردی دەگرێـت، کـە گوتارێکـی تەقدیرگەرایانەیـە، کـە ڕاسـتەوخۆ بەرهەمـی وانـە ئایینییەکانـە، بـە واتایەکی تـر ئـەو گوتـارە بەرهەمـی شـێخ و مـەلا و زانایانـی ئایینـی و شـاعیران بـووە.

**پاڕانەوە و تەوەککول لەم عەسرە پارە ناکات**

(حاجی قادر کۆیی، ١٣٩٠ :٩٧)

بێگومـان ئـەم ڕوانگـە ڕەخنەگەرایانـە بەرهەمـی بەشـی دووەمـی ژیانـی (حاجـی قـادرە، کـە نیشـتەجێی ئیسـتەنبوڵە و پێدەچێـت بـە تەواوەتـی لەژێـر کاریگەری و کارتێکەریـی فەرهەنگـی مۆدێرنیتـە و تازەگەریـدا بـووە).

کارتێکـەری فەرهەنگـی مودێرنـی ڕۆژئاوایـی و تەجـەدودی تورکـی، وای لـێ دەکات ئـاوا دەسـت بـە لۆمـە و ڕەخنـە بـکات.

**٢-١) نەشارەزایی کورد لە دۆخی جیهان**

حاجـی بـە ڕاشـکاوانە گازنـدەی ئـەوە دەکات، چونکـە کـورد کەمتریـن شـارەزایی لـە دۆخـی جیهـان و گوتـاری نوێـی جیهانـدا هەیـە، بـەردەوام نۆکـەر و ژێردەسـتەیە و بـۆ دەربازبـوون لـە ژێردەسـتەبوون، پێویسـتە کۆمەڵگـەی کـوردی لـە دۆخـی جیهـان شـارەزا بێـت.

**وا دیارە هەتاکوو دنیا بێ**

**کوردەکان حاڵیان دەبێ وابێ**

**چوو چ قەدری هەیە لەنێو کوردان**

**غەیری لێدان و جوێن و تێهەڵدان**

**حاڵەتی ژێردەستی گەر وایە**

**نۆکەری کاری چاکی بۆ نایە**

(حاجی قادر کۆیی، ١٣٩٠: ٢٥٧-٢٥٩)

هـەر لـەم بارەیـەوە کۆمەڵگـەی کـوردی دەخاتـە بـەر ڕەخنـە کـە ئەوەنـدە دواکەوتـووە، هێشـتا وا دەزانێـت تەنیـا دوو دەوڵەتـی عوسـمانی و ئێـران لـە دنیـادا هـەن، بـە واتایەکـی دیکـە سـەرەڕای گۆڕانـی دۆخـی جیهـان و سـەرهەڵدانی گوتـاری مۆدێـرن، هێشـتا لەژێـر کاریگـەری و کارتێکەریـی گوتـاری پێشـوودایە.

**یەکتان نەچوونە گەردش وا تێدەگەن لە دنیا**

**هەر پادشاهی ڕۆمە و شاهی عەجەم لە تاران**

(حاجی قادر، ١٣٩٠: ٩٧)

**٣-٢) بێئاگایی لە بایەخی دەوڵەت**

حاجی لە درێژەی گوتاری ڕەخنەگرانەی خۆیدا لە کۆمەڵگەی کوردی، ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرێت کە شارەزای بایەخی دامەزراندنی دەوڵەت و کارکردی دەوڵەت نییە و لێرەوە دەکەوێتە گازندە:

**قوڕی کوێ کەم بەسەر خۆما لە غوربەت**
**خەوم نایێ لە داخی موڵک و میللەت**
**ئەگەر وەک من خەبەردار بن لە دەوڵەت**
**لە حەیفان خۆ دەخنکێنن بەبێ پەت**
(حاجی قادر، ١٣٩٠: ٢٢٧-٢٣١)

هەر لەم چوارچێوەیەدا جێی پرسیار و ڕەخنەیە، کە بۆچی لەم دۆخە هەستیارەدا لەناو کوردانەدا کەسێک بیر لە دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوە ناکاتەوە؟ بۆ کەسێک هەوڵ نادات لە دۆخی جیهان شارەزا بێت و لە گوتاری پێشووی خۆی تێپەڕ نابێت؟

**کوڕێکی وا نەبوو هەستێتە سەر پێ...**
**بکا سەیری جەریدە و حاڵی میللەت**
**کتێبی تازە و تاریخی دەوڵەت**
**بزانێ تا چ قەوماوە لە ئەتراف**
**سەراپا ئاگرە ئەتراف و ئەکناف**
**ئەگەر کارێک نەکەن لەم بەینەدا زوو**
**مەمالیک کاتەکی زانیت لە دەست چوو**
**لەژێر پێدا دەچن حەیف و مەخابن**
**گەدا بن ئێوە دوشمننتان بە شا بن**
( هەمان: ٢٣١-٢٢٧)

حاجی بە بینینی ئەو دۆخەی وا کوردی تێدایە، ڕاشکاوانە ڕەخنە لە نەزانی و جەهالەتی کورد لە ئاست بێئاگایی لە بایەخی دەوڵەت و نەبوونی هیممەت بۆ سەرهەڵدانی ویستی دامەزراندنی دەوڵەت دەگرێ، نائومێدانە باس لەوە دەکات کە کەس نییە گوێ بۆ ڕەخنەکانی بگرێت و بە تووڕەیییەوە دەنووسێت، دیارە چارەنووسی کورد هەر ژێردەستەبوون و کۆیلایەتی و خزمەتی خەڵکان و وڵاتان و نەتەوەکانی دیکەیە:

**تا لەژێر باری ڕۆمیان نەمرن**
**زەحمەتی قەدری بەیتی من بگرن**
**حاجی سا بەسیە سەت هەزار دەفعە**
**پێم گوتی: ئەم قسانە بێنەفعە**
**ڕۆژی ئەوەڵ لە بەندە و ئازادە**
**خدمەتی خەڵقە قیسمەتی ئەکراد**
**لێیگەڕێ قەومی تۆ مارن**
**دز و حیز و پیاوکوژ و همارن**
**مڕی ناوداری ورچی ئاو دارە**
**ڕاستیان خوارە، خواری خونخوارە**
(هەمان: ٩٥)

**٤-٢) فەرهەنگی یەکترکوژی**

ئەو فەرهەنگەی کورد، واتە فەرهەنگی «یەکترکوژی» و «یەکترسڕینەوە» و «یەکتری قەبووڵنەکردن»، بە واتایەکی تر فەرهەنگی «براکوژی» لە ڕوانگەی (حاجی)یەوە جێگەی ڕەخنەی جددییە. حاجی بە ڕاشکاوانە لەوەی کە چوار ملیۆن ئینسانی کورد لەباتی بیرکردنەوە لە پرسی گرنگ و بایەخداری وەک دامەزراندنی دەوڵەت و فێربوونی سەنعەت و ناردنی خوێندکار بۆ ئەورووپا، لەو کاتەی کە تورک و هەموو کەمینەکان خەریکی دامەزراندنی دەوڵەت و تازەگەری بوون، هەر خەریکی شەڕ و لێدانی یەکترین، جێگەی ڕەخنەی جددییە:

**چوار ملیۆنە کوردستان نفووسی**
**بە قیسەی ئەهلی تەخمینی کە نووسی**
**هەموویان شێری بێشەن حاتەمی جوود**
**لە شەڕدا کێوی جوودی و بەحری مەمدوود**
**وەلیکن فائیدەی چی هەرج و مەرجن**
**لە دەعوادا لەگەڵ یەکتر بە مەرجن**

**لە گوێی گا نوستوون هەرچەندە شێرن**
(حاجی قادر، ۱۳۹۰: :۲۲۷-۲۳۱)

**٥-٢) نەبوونی هاودەنگی**

حاجی بوونی هاودەنگی بۆ مانەوە بە پێویست دەزانێت و نەبوونی هاودەنگی وەک هۆکاری نەزانی و پاشکەوتن پێناسە دەکات، ڕەخنەی توند لە کورد و کۆمەڵگەی کوردی دەگرێت، کە خاوەن هاودەنگی و «ئیتفاق»، کە «سپەرە بۆ حوادیسی ئەییام» نییە.

**ئیتحادی بە ئیتفاقی ئەنام**
**سپەرە بۆ حوادیسی ئەییام**
**کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن**
**پێکەوە پووش و ئاگر و نەوتن**
(حاجی قادر، هەمان: ۱۹۲)

هەر لەم بارەیەوە حاجی قادر هۆکاری نەبوونی دەوڵەت و بیرنەکردنەوە لە بایەخی دەوڵەت، جیا لە یەکترکوژی و نەشارەزایی لە زانستی سەردەم، بە نەبوونی هاودەنگی و یەکریزی لەناو کورداندا گرێ دەداتەوە:

**تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد**
**هەروا دەبنە خەرابە ئاباد**
(حاجی قادر، هەمان: ۲۰۱)

بە ڕاشکاوانە سەربەخۆنەبوونی کوردیش بە بوونی یەکترکوژی و نەبوونی یەکێتی گرێ دەداتەوە، لێرەوە دەکەوێتە ڕەخنەی خۆماڵی لە کۆمەڵگەی کوردی.

**هەر ئێکە موستەقیللن کوللێکی دەوڵەتێکن**
**ساحێبی جەیش و ڕایەت، ئەرکانی حەرب**
**هەم حەقیانە ئەرمەن غیرەت کەشی یەکترن**
**وەک ئێمە نین لەگەڵ یەکتر دەعوا بکەن**
(هەمان :۹۹-۱۰۰)

لە جێگەیەکی دیکەدا حاجی بە تووڕەییەوە دەڵێت: کۆمەڵگەی کوردی تا بەم شێوەیە دوژمنی یەک و دوور لە یەک بن و هاودەنگ نەبن لە خراپترین دۆخدا ژیان تێپەڕ دەکەن.

**لەبەر حیزە بخۆیی و ناتەبایی**
**لەژێر حیزی حیزان بووینە دۆشەک**
**هەتا وەک ئاگری بن کان لەگەڵ یەک**
**ئەگەر تۆفان بێ لە شکرتان بە پووشەک**
**لە گوێی گا نوستوون بۆ ئێکە ڕێوی**
**لەسەر ئێوە وەها شێرگیرە وەک سەگ**
(حاجی قادر، هەمان: ۷۸-۷۹)

**٦-٢) ڕەخنە لە خوێندنی نەریتی**

حاجی جیا لەوەی ڕەخنە لە کۆمەڵگەی کوردی و ئینسانی کورد دەگرێت، کە خاوەنی کتێبی کوردی نییە، تەنانەت بایەخ بە نووسین نادات، هۆکاری سەرەکی دەخاتە ئەستۆی زانایانی ئایینی کە خاوەن گوتاری خوێندنی نەریتی و سوننەتین:

**یەکسەر عولەما درشت و وردی،**
**ناخوێنیتەوە دوو حەرفی کوردی**
**ساحێب کوتوب و پەیامە هەرکەس...**
**ئێمە نەبێ بووینە قەومی چەرکەس**

میللەتی بێ کتێب و بێ نووسین غەیری کوردان نییە لە ڕووی زەمین (حاجی قادر، هەمان: ۲٥۷ -۲٥۹)

ڕەخنە لە زانستی باوی نێو کۆمەڵگەی کوردی، کە هەمان خوێندنی سوننەتییە دەگرێت، کە کەمترین دەستکەوتی لە بواری پیشەسازیدا نییە، تەنیا بەرهەمی ئەو زانستە، خیانەتکردن بە نیشتمان بووە، لێرەوە هەوڵ بۆ زانستی ڕۆژئاوایی دەدات، کە بەرهەمی سەنعەتە، نەک خیانەتکردن بە نیشتمان و نەتەوە.

**سنعەتێک فێر نەبوون لە پاش تەحسیل**
**سەیری چۆن بۆ مەناهی بوونە دەلیل**

**یەک بە یەک بوونە خائینی دەوڵەت**
**خائینی موڵک و دوشمنی میللەت**
(حاجی قادر، هەمان: ٢٣١-٢٣٤)

حاجی پێی وایە تا کورد وا بیر بکاتەوە، هەر چارەنووسی وایە و قەت لەو دۆخە خراپە تێناپەڕێت و دەبێت ئەوە قەبووڵ بکات:

**کوردەکان حاڵیان دەبێ وا بێت**
(حاجی قادر، هەمان: ٢٥٨)

**٧-٢) ڕەخنە لە گوتاری نەریتیی تەقدیرخوازانە**

حاجی قادر لە گوتارە تازەگەرانەکەی خۆیدا، بە ڕاشکاوانە دەکەوێتە ڕەخنە لە گوتاری شێخ و شاعیر و خواجەکان، بە واتایەکی دیکە گوتاری سوننەتیی کۆمەڵگەی کوردی کە بەرهەمی شێخ و شاعیرەکانە، پێی وایە ئەم گوتارە بەردەوام خەریکی باسی بێئاکام و نازانستی و بێبایەخی وەک باسی زوڵف و چاو و ئەبرۆی ژن، بە گشتی خەریکی خۆسەرقاڵکردنن بە بابەتی بێبەها و بێمایەوە.

**شاعیر و شێخ و خواجە دەربەدەرن**
**لە قسەی بێ نەتیجەدا دەمرن**
**باسی زوڵفی درێژ و چاوی بەخەو**
**نەبڕاو بووە تیری خوسرەو**
**قەید و تەزبیب و حاشیە و ئیعراب**
**هەموو با بردی بوونە مەوجی سەراب**
(هەمان: ٢٣٢-٢٣٣)

حاجی ڕەخنەی توند لە گوتاری شێخ، وەک گوتاری تەقدیرخوازنە دەگرێت، پێی وایە هۆکاری سەرەکی نەگەیشتن بە زانست و سەنعەت و مەعریفە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەشە سەرەکییەکەی زاڵبوونی گوتاری تەقدیرخوازنە و دژەزانستیی ئەو سەردەمەی شێخەکان بووە، لەم بارەیەوە دەڵێت: هۆکاری سەرەکی فێرنەبوونی زانست و دوورکەوتنەوە لە ژیان و سەنعەت «تەحسیلی مەعانی»، زاڵبوونی گوتاری ئەوانە.

**کە دەیگوت؛ شێخی من من دەستگیرم**
**لە لام وابوو لەسەر جەهل و جوانی**
**کە پیر بووم تێگەیشتم دەستی گرتم**
**لە کەسب و کاری تەحسیلی مەعانی**
**بەڵێ شێخ قوتبە ئەمما قوتبی ئاشە**
**بە ئاو و نیعمەتی خەڵقە گەڕانی**
**لە بۆ ژن دێ لە کۆڵان وەک...**
**لە ژن هەڵدێ بە میسلی... لە خانی**
(حاجی قادر، هەمان: ١٥٢)

بە گشتی ڕەخنەی حاجی لە کۆمەڵگەی کوردی پێوەندیی بە فەرهەنگی تازەگەرییەوە هەیە، ڕەخنەی حاجی لە کۆمەڵگەی کوردی لەبەر ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردی و ئینسانی کورد، ئیتر بەستێنەکانی تازەگەری وەک بەهادان بە خوێندن، بایەخدان بە زانستی ڕۆژئاوایی و شارەزایی لە دۆخی جیهان هەست پێ بکات، چیتر خەریکی گوتاری پێشوو و خەریکی یەکترکوژی و سڕینەوەی یەکتر و بەرهەمهێنانی گوتاری دژەزانست و دژەتازەگەری نەبێت، واتە ڕەخنەکانی گوتاری حاجی نەک لەپێناو سڕینەوە و سووکایەتی، بەڵکوو لەپێناو تازەگەری لە ڕێگەی هاندان و هەوڵ بۆ چارەسەر و بیرکردنەوە لە شوناسی نوێی کوردییە.

بەم وەسفە لە گوتاری حاجی قادر، کورد و تازەگەری بۆ کورد، دەبێتە دالی سەرەکی، بۆیە دەکرێت بڵێین؛ گوتاری ئەو دەبێتە سەرەتای دابڕان لە گوتاری پێشووی کوردی، ئیتر گوتاری کورد-تەوەر لە ڕێگەی گوتاری (حاجی قادری کۆیی)ـەوە دێتە نێو گوتاری کوردییەوە:

**پەشمە حاجی وەرە وەک جاران**
**بێرەوە سەر حیکایەتی کوردان**
(حاجی قادر، هەمان: ٢١٦)

**ئەنجام**

**حاجی قادری کۆیی یەکەم کوردی دانیشتووی شاری ئیستەنبوڵە، کە بە کاریگەریوەرگرتن لە گوتاری ئەو سەردەمەی ئیستەنبوڵ، جیا لەوەی بۆ یەکەم جار ئاماژە بە دیاردەی مودێرنی وەک ڕۆژنامە، زانکۆ، وەرگێڕان و پیشەسازی دەکات، بۆ یەکەم جاریش دەکەوێتە ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگەی کوردی، گەرچی پێشتر کەسانی وەک شەرەفخان و ئەحمەدی خانی هەندێک ڕەخنەیان لە کۆمەڵگەی کوردی گرتبوو، بەڵام ڕەخنەی حاجی قادر خاوەن گوتاری نوێیە، لەژێر کاریگەریی گوتاری مۆدێرن و تازەگەرانەی ئەو سەردەمەی ئیستەنبوڵدایە، بۆیە دەکرێت ئەم خاوەن گوتارە نوێیە، واتە حاجی قادری کۆیی وەک یەکەم مونەوەرولفیکری (ڕۆشنبیر)ی کوردی پێناسە بکرێت.**

**لە ڕوانگەی (حاجی قادری کۆیی)ـەوە، ناشارەزایی لە دۆخی نوێی جیهان، فەرهەنگی یەکترسڕینەوە، نەبوونی هاودەنگی و تەبایی، غیابی هەوڵ و ئیرادە بۆ دامەزراندنی یەکەی دەوڵەت- نەتەوەی کوردی و بیرنەکردنەوە لە گرنگی پیشەسازی و دیاردەی نوێی وەک ڕۆژنامە و زانستی ڕۆژئاوایی لە بەرچاوترین کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگەی کوردین لە سەرجەمی ئەم شتانە باس لە دەسپێکردنی تازەگەری کوردی لە لایەن (حاجی قادری کۆیی)ـەوە دەکات.**


**سەرچاوەکان:**

**کوردی:**

* ئەلاکۆم، ڕوهات (٢٠٠٥) کوردەکانی ئیستەنبوڵی کۆن، وەرگێڕانی ئەحمەد تاقانە، هەولێر، موکریانی.

* بەدلیسی، شەرەفخان (٢٠٠٦)، شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار، هەولێر، ئاراس.

* حاجی قادری کۆیی (١٣٩٠)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا، لەسەر نووسینێکی نوێ بەپێی بۆچوونەکانی محەمەدی مەلا کەریم، سنە، کوردستان.

* کەرەمی. سەعید (١٣٩٠) دیوانی حاجی قادر کۆیی، لێکۆڵینەوە و لیکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا، سنە کوردستان.

* محەمەد، مەسعوود (٦-١٩٧٣) حاجی قادر کۆیی، بەغدا، کۆڕی زانیاری کورد.

* موکریانی، گیو (١٩٦٣) دیوانی حاجی قادر کۆیی، هەولێر.

* مەلا کەریم، محەمەدی (١٩٦٠) حاجی قادر کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد، بەغدا.؟

* زەکی بەگ، ئەمین، (٢٠٠٦)، خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، سلێمانی، بنکەی ژین.

* زەنگەنە، عەبدوڵلا (٢٠٠٢)، ماڵی کوردیٚ تالان بردی، ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٩)، ساڵی سێیەم، هەولێر، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

**ڕۆژنامەکان:**

* ڕۆژی کورد (ئیستەنبوڵ ١٩١٣)، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە: عەبدوڵلا زەنگەنە، پێشەکیی ئیسماعیل شوکور، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٥.

* ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٩)، ساڵی سێیەم، هەولێر، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ٢٠٠٢.

* کوردستان (١٨٩٨-١٩٠٢)، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، کۆکردنەوە و پێشەکی: د. کەمال فوئاد، هەولێر، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ،

٢٠٠٠.
* هەتاو (١٩٥٤-١٩٦٠)، بەرگی یەکەم، سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵڵا زەنگەنە، پێشەکی و لێکۆڵینەوە: د. کوردستان موکریانی، هەولێر، بنکەی ژین و چاپخانەی باز، ٢٠١٠.

**فارسی:**
* انتخابی، نادر (١٣٩٠) ناسیونالیسم و تجدد در ایران و ترکیه، تهران، نگاره آفتاب.
* انتخابی، نادر (١٣٩٢) دین و دولت و تجدد در ترکیه، تهران، هرمس.
* بزارسلان، حمید (١٣٩٨) گفتارهای در خاستگاه ناسیونالیسم کرد، عباس ولی، بزارسلان و... ترجمەی کراد روحی، تهران، چشمه.
* پورگشتال، هامر (١٣٦٧) تاریخ امپراتوری عثمانی، ترجمه میرزا زکی، تهران، زرین.
* جی شاو، استانفور (١٣٧٠) تاریخ امپراتوری عثمانی و ترکیه جدید، مشهد، استان قدس رضوی.
* رئیس نیا، رحیم (١٣٦٨) ایران و عثمانی، تبریز، ستوده.
* فرامکین، دیوید (١٣٩٦) صلحی که همه صلح ها را برباد داد، ترجمه حسن افشار، تهران، ماهی.
* فیلد هاوس، دیوید (١٣٧٠) لایان، والاس، کردها، عرب ها و انگلیسی ها، ترجمەی حسن افشار، تهران، مرکز.
* لایان، والاس (١٣٧٠) کردها، عرب ها و انگلیسی ها، پیشگفتار فیلد هاوس، دیوید ترجمەی حسن افشار، تهران، مرکز
* مک داول، دیوید (١٣٨٣) تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران، پانیذ:

**ئینگلیزی:**
Bernard,Lewis(1961) The Emergence of Modern Turkey.londan.Oxford University press. Niyazi Berkes (1988)The Development of Secularism in Turkey,New York:Routelged. Weber,marx)1981(from Max Weber. Edited by .H.H. Gerth and C.Wrighat Mills. New York. Oxford Univ. press Van Bruinessen,Martin)2003( Ehmad xanis Mem u Zin anad its Role in the Emergence of Kurdish Nation Awareness in Abass Vali . Essays in the orings of.

(*) دوکتۆرای مێژووی هاوچەرخ و توێژەری مێژووی ئەندیشە لە کوردستاندا.